کەریم ئەحمەد : . . . . ل٣
کـوا رۆڵی رێکخستنی گەل دژ بە تیرۆر!؟

شێرزاد فاتح : . . . . ل٨
با گۆڕانکارییەکان، بەرەو بەعەلمانی کردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بێت

وەرزش: . . . . ل١١ ئەمشەو یارییەکانی
خولی ئینگلیزی و ئیسپانی بەڕێوەدەچێت

# ڕێگای کوردستان

یەکەمین ژمارەی بە ناوی (ئازادی) یەوە لە نیسانی ١٩٤٥دا دەرچووە

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

نیشتمانێکی ئـازاد و گەلێـکی بەختیار
دیموکراسی بۆ عێراق‌و
ماڤ بڕیاردانی چارەنووس
بۆ گەلی کوردستان

هەفتەنامەیەکی سیاسییە، حزبی شیوعی کوردستان دەریدەکات | ژمارە (٧٢٦) | چوارشەممە ٢٠٠٧/١/٣١ | بەفرانبار٢٧٠٦

## لە ئاکامی کردارێکی تیرۆریستیدا لە شارۆچکەی خانەقیدا ١١ هاووڵاتی کوژراوو ٣٣ی دیکەش بریندار‌بوون

ئەم کارە تیرۆریستییە لە ڕێگای دانانەوەی بۆمبێکی چێنراوەوە جێبەجێکرا کە لە شەقامی بانقی خانەقی دانرابوّوە پاشتر تەقێنرایەوەو بووە هۆی گیان لە دەستدانی ١١ هاووڵاتی‌و بریندار‌بوونی ٣٣ کەسی دیکەو کە هەموویان هاووڵاتی سڤیل بوون‌و بۆ رایی کردنی کاروباری رۆژانە روویان کردبووە ئەو شوێنە.

## لێدوانی کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان

# ■ پەیوەندی حکومەتی هەرێم لەگەڵ ناوەندا بەشێوەی پێویست نەبووە بەپێی ئەو میکانیزمانەی کە لەدەستووری عێراقی فیدراڵدا ئاماژەیان پێکراوە

# ■ سروشتی بووجەکە عێراق بەرهەم هێن نییەو هیچ ئارارستەیەکیش لە ئارادا نییە بۆ بەگەڕ خستنەوەی کارگە و دامەزراوە لەکارکەوتووەکان

ڕێکەوتی ٢٩ / ١ / ٢٠٠٧ ، کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان- عێراق، بەئامادەبوونی ژمارەیەك لەسەرکردە دێرین‌و کادیرە پێشکەوتووەکانی حزب، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەبارودۆخی سیاسی کۆبونەوەیەکی فراوانی سازدا، ئەمەش لەژێر رۆشنایی پلان کاری مەکتەبی سیاسی کە ناونیشانە سەرەکییەکانی بەرچاوترین پەرەسەندنەکانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی‌و هەرێمایەتی‌و نێوخۆ لەخۆ گرتبوو.

هاوڕێ سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزب بە دەقیقەیەك بێ دەنگی بۆگیانی پاکی شەهیدانی حزب‌و بزووتنەوەی نیشتمانی کارەکانی کۆبوونەوەکەی دەست پێکرد، لە وتەیەکیدا باسی لەتەوەرە سەرەکییەکان‌و چارەسەرە پێشنیارکراوەکانی نێو پلان کارەکە کرد. دواتر بەشداربوانی کۆبوونەوەکە گفتوگۆیان لەسەر پەرەسەندنە بەرجەستەکانی بوارە جیاجیاکان کرد لەچەند مانگی رابردوودا.

کۆبوونەوەکە ئاماژەی بە پەرەسەندنەکانی سیاسەتی ئەمریکا کرد لەبارەی دۆخی عێراق‌و ناوچەکە بەگشتی، کە ئەم ستراتیژە پێداچوونەوەیەکی جددی بەخۆوە بینی لەسەر کاریگەری ئاکامە کردەییەکانی، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی بەبارودۆخی عێراقەوە هەیەو، گۆڕانی هاوسەنگی لەنێو کۆنگریسی ئەمریکا بەلای بەرژەوەندی دیموکراسەکاندا. وێڕای چاوەڕوان نەکردنی وەرچەرخانێکی گەورە لەسیاسەتی ئەمریکا لەئاکامی ترسان لەکەوتنە نێو بازنەی دابڕانی سیاسی‌و لەدەستدانی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ نفوزی لەناوچەکەدا، لەتوانادایە دەرك بەشێوەیەك لەشێوەکانی گەڕانەوەی ئیدارەی ئەمریکا بکرێ بۆ هاوپەیمانە باوەکانی، ئەمەش لەمیانەی قسەکردن لەبارەی هاوکاری لەگەڵ تەوەرەی ولاتە میانڕەوەکان لەدژی توندڕەوەکانداو بەرجەستە بوونی جێبەجێکردنی ئەم تێڕوانە لەسەردانی رایسدا بۆ میسرو سعودیەو ئوردن‌و ولاتانی کەنداو بۆ دۆزینەوەی شێوەیەك لەشێوەکانی هاوپەیمانێتی بەرووی مەترسی ئەتۆمی ئێران‌و دەستێوەردانی لەکاروباری هەریەك لەی عێراق‌و لوبنان‌و،هەروەها پاڵپشتی کردنی ئەوەی کە بەڕێرەوی ئاشتی فەلەستین ئیسرائیل ناودەبرێ بەدەرکەوت.

سەبارەت بەعێراق پلانەکەی بوش ئاماژە بەناردنی ٢١ هەزار سەربازی هێزەکانی ئەمریکا دەکات بۆ عێراق لەپێناو پاراستنی ئاسایش‌و فشارخستنە سەر حکومەتی مالیکی بۆ نەهێشتنی میلیشاکان‌و، گرنگی دان بەدۆسیێ ئاسایش‌و، ئامادەکردنی عێراقیەکان بۆ وەرگرتنی ئەو دۆسێیە.

هەروەك پلانەکە رێ‌و شوێنی ئابووری بەپەلە لەخۆ دەگرێ بۆچارەسەرکردنی کێشەی بێ کاری‌و بوژاندنەوەی ئابووری‌و، ئاماژە بەپێویستی ئاشتبوونەوەو قوڵکردنەوەی گفت‌و گۆو پەنابردنە بەر ئەو چارەسەرە سیاسییانە کە کەشێك بۆ کرانەوەی دۆخەکە دابین دەکەن.

کۆبونەوەکە ئاماژەی بەوەدا کە کۆسپی راستەقینە لەبەردەم ئەم بۆچوونانەدا هەن، چ ئەوەی پەیوەندی بەسروشتی ململانێی تایفەگەرییەوە هەیە لە عێراق‌و، قوڵی دەستێوەردانی هەرێمایەتی لەبارودۆخی عێراقدا بەگشتی‌و، چالاکی کاریگەری تێکدەرانەی میلیشیاو تەکفیریی و پیاوانی رژێمی پێشوو، سروشتی گەندەڵی ئیداری بەربلاو لەعێراق‌و، ئەگەری بەفیڕۆدانی ئەو یارمەتییە ئابوورییانەی بۆ پاڵپشتی پلانەکە لەئارادان کرد. هەروەها هەڵوێستی پلانەکە بەرامبەر بە ولاتانی دراوسێ (ئێران و سوریا) گونجاو نییە بۆ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی عێراق، ئەوەش بەهۆی زاڵبوونی زمانی هەڕەشە لەبنەڕەتدا، کە هاندەرو پاڵنەری ولاتانی دراوسێ بوو بۆ دەستێوەردان لەکاروباری عێراق بەمەبەستی خۆپاراستن، پەنابەردنە بەر هاندانی کاری توندوتیژیش بۆ تێوەگلاندنی زۆرتری ئەمریکا لە عێراقدا، وەکو گوزارشت کردنێك بۆ ئەم بۆچوونە هێزێکی ئەمریکایی، رۆژێك دوای گوتارەکەی بوش، هەڵیان کوتایە سەر نووسینگەی حکومەتی ئێران لە هەولێر.

هەڵوێستی دیموکراسیەکان وژمارەیەکی بەرچاوی کۆمارییەکان ناچێتە خانەی بەرژەوەندی پلانە نوێیەکەی ئەمریکاوە. بۆیە کۆبوونەوەکە پێشبینی دەکات، ململانێی نێوان کۆماری‌و دیموکراتیەکان لەمەڕ دۆسی سەرەکیەکانی کێشەی عێراق بەردەوام بێت، ئەمەش پەیوەست بەخۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٨دا، لەکاتێکدا کە ئیدارەی بوش بەردەوامە لەدووپاتکردنەوەی ئەوەی کە ململانێی عێراق شێوەیەکە لەشێوەکانی قەڵاچۆکردنی تیرۆر لەسەر ئاستی جیهاندا.

کۆبوونەوەکە باسی لە فراوانبوونی دەستێوەردانی ولاتە هەرێمایەتیەکان کرد لەکاروباری نێوخۆی عێراقدا، ئاماژەی بەوەشدا کە توندبوونی ململانێی تایفەگەری‌و پەرەسەندنی بەرەو ئاستێکی ترسناك‌و نزیك لە شەڕی نێوخۆو، خۆهەڵکێشانی لایەنە تایفیەکان بەولاتانی هەرێمەکە رۆڵی هەبووە لە قوڵ بوونەوەی دەستێوەردانی ولاتانی هەرێمەکە لەکاروباری نێوخۆی عێراقدا. ئەم دەستێوەردانە تەنها لەلایەن ئێران و سوریاوە نەبوون بەڵکو ماوەی رابردوو دەستێوەردانی سعودیەو تورکیاشی بەخۆوە بینی.

ئیدارەی ئەمریکا لەماوەی رابردوودا هەوڵیدا هاوسەنگی نوێ لە رەهەندی هەرێمایەتی دروست بکات. لەکار کردن لەسەر سعودیەو ئوردن‌و میسر و ولاتانی کەنداودا سەرکەوتوو بوو لەدروستکردنی تەوەرێکی پێچەوانە بۆ تێڕوانینەکانی ئێران ، کە لەهەوڵی وەدەستهێنانی توانای ئەتۆمی دایە، بەڵام ئەم کارکردنە لەتوانای دانییە وەرچەرەخانێکی چۆنایەتی گەورە لەهەڵوێستی ولاتە هەرێمایەتیەکان دا بکات بەئاراستەی جێگیرکردنی ئاسایش لەعێراق، لەئایندەیەکی نزیکدا.

کۆبوونەوەکە وای دەبینێ کە لەسەر حکومەتی عێراق پێویستە بە نەرمی هەڵسوکەوت لەگەڵ دۆسێی هەرێمایەتی بکات، چونکە لەبەرژەوەندی عێراقدا نییە ئەو دەستێوەردانە لەژێر رۆشنایی پەیوەندی ئەو ولاتانە لەگەڵ ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا، بەردەوام بێت یاخود تێك بچێت، عێراق پێویستی بە دۆزینەوەی شێوازی گونجاوە، بۆ بەستنی پەیوەندی سروشتی لەگەڵ ئێران‌و سوریاو تورکیاو ولاتانی دیکەی هەرێمەکەش، ئەمەش لەگەڵ درێژەدان بە دووپاتکردنەوەی پێویستی رێزگرتنی سەروەریی نیشتمانی عێراق‌و هەڵسوکەوتی ولاتانی دراوسێ لەچوارچێوەی پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی و پەیماننامەی نەتەوە یەکرگرتووەکاندا.

کۆبوونەوەکە پێی وایە کە خراپ بوونی بارودۆخی گشتی ولات‌و، بەتایبەتیش ئەوەی کەپەیوەندی بە شەڕی تایفەگەریەوە هەیە و گوزارشت لە کرۆکی ململانێ سیاسییەکان دەکات هەروا ئەوەی پەیوەندی بە دۆسێی ئاسایش‌و ئەدای سیاسی تەواوی دەزگاکانی دەوڵەتەوە هەیە، بۆتە سیمای زەقی بارودۆخەکە بەگشتی. هەموو ئەمانەش بەشداربوون لەبلاوبوونەوەی کەشی بێئومێدی لەنێوەندێکی فراوانی هاوولاتیاندا، لەهەمان کاتیشدا هەلی گەورەتری بۆ تیرۆرستان دابین کرد کە درێژە بەچالاکییە تێکدەرانەکانیان بدەن کە لەماوەی دواییدا زۆر هەمە جۆر بووە.

کۆبوونەوەکە ئاماژەی بەوەدا کە پرۆسەی لەسێدارەدانی سەدام حوسێن بەرئەنجامی دادگاییەکی دادپەروەرانەو شەرعی بوو کە مەرجە پێویستیەکانی تێدابوو، جێبەجێکردنی حوکمەکەش کارێکی سروشتییە بۆ سزادانی عادیلانەی ئەو خوێنڕێژە، بەڵام کاتی جێبەجێکردنەکەو ئەو شێوازەی کەپێی ئەنجامدراو، هەندێ کردەوە کە سیمای تایفەگەریان پێوە دیاربوو کاریگەری خراپی لەسەر کێشەکە هەبوو، ئەمەش لەلایەن سەدامی و هێزە تایفی‌و نەتەوەییە شۆڤێنیەکانەوە قۆستراپەوەو، سەدام لەتاوانبارێکی پیاو کوژەوە کرا بە قوربانی‌و، هەندێکیش کردیانە قارەمانێکی "نەتەوەیی". کۆبوونەوەکە پێشبینی کرد کە لەسێدارەدانی دیکتاتۆر واتاو کاردانەوەی راستەوخۆی دەبێ لەسەر میزاجی زۆر لەراراکان، ئەوانەی پێیان وابوو کە سەدام رۆژێك لەرۆژان دەسەڵات دەگرێتەوە دەست. لەبەرامبەریشدا لەهەندێ ناوەندی کوردستانی خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ رووداوەکە کرا، بەوەی کە جێبەجێ کردنی حوکمی لەسێدارەدان بەسەر دیکتاتۆردا لەئاکامی دادگایی کردنی لەسەر تاوانی دوجەیل ناهەقی بوو دەرهەق بەگەلی کوردستان‌و، دەبوو چاوەڕان کرابا تا حوکمی دادگایی کێشەی ئەنفال‌و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی گەلی کورد لەهەڵەبجەو شوێنەکانی دیکەی کوردستان، دەردەچوو. پێمان وایە ئەم خوێندنەوەیە وردنییە، چونکە کارەکە بەپێی میکانیزمی دادگای تایبەت بەڕێوەچوو، هەروەها لەتوانا نەبوونی هێنانی دیکتاتۆر دوای لەسێدارەدانی بۆ بەردەم دادگا ،رژێم‌و سەرانی لە تاوانەکان نابوورێ.

کۆبوونەوەکە کاردانەوەی هێزە سیاسیەکانی عێراقی بەرامبەر بە پلانەکەی سەرۆکی ئەمریکا (بوش) خستە بەرباس. لەسەرەتای راگەیاندنی پلانەکەدا (مالیکی) رایگەیاند کە ئەو پلانە زادەی لێکتێگەیشتنی هاوبەشی نێوان حکومەتی عێراق‌و ئیدارەی ئەمریکایە، چەند رۆژێکیش دواتر هەردوولا (عێراق - ئەمریکا) یەکدیان تۆمەتبار دەکرد بەوەی کە ئایا حکومەتەکەی مالیکی توانای هەیە ئەرکەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێت‌و،ئەمریکاش تاچەند پابەندە هێزەکانی عێراق ئامادە بکات؟

هەریەك لە رەوتی سەدرو دەستەی زانایانی موسڵمانان، بەپێی لێکدانەوەکانی خۆیان سەبارەت بەپلانەکەی بوش، پلانەکەیان رەتکردەوە. ئەوە بوو رەوتی سەدری پێشتر ئەندامێتی خۆی لە حکومەت و پەرلەماندا هەڵواسی بوو چونکە داوایان لەمالیکی کردبوو بوش نەبینێ، هاوکات داواکارییەکی تریشیان لەمالیکی هەبوو کە پەیوەست بوو بەدانانی خشتەیەکی کاتی بۆ پاشەکشەی هێزە بیانییەکان. لەماوەی هەفتەی رابردوودا رەوتی سەدر رایگەیاند کە دەگەڕێتەوە نێو حکومەت‌و پەرلەمان ئەگەرچی داواکارییەکانیشی نەهاتوونەتە دی، تا نەرمیەك نیشاندات دوای ئەوەی فشارێکی زۆر خرایە سەر جموجۆڵی میلیشیاکانی. حزبمان لەو باوەڕەدایە کە پێودانگی راستەقینە لە رەفتارکردن لەگەڵ پلانەکەی ئەمریکادا لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێویستە بزانرێ عێراق کەوتۆتە ژێر باری داگیرکاری‌و، بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش بێ هێشتا دۆسێی سەربازی بەدەست هێزە فرە رەگەزەکاندایەو، دروسترین داواکاری بریتییە لەدابینکردنی پێداویستیە سیاسی‌و ماددییەکان لەپێناو وەدەستهێنانەوەی تەواوی سەروەری‌و سەربەخۆیی.

بۆ ل٢

## مەکتەبی سیاسی حزبمان پێشوازی لە شاندێکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەکات

ڕێکەوتی ٢٦/ ١/ ٢٠٠٧ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی بە ئامادەبوونی هاوڕێی تێکۆشەر کەریم ئەحمەدو بە سەرپەرشتی هاوڕێ کەمال شاکر سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبمان پێشوازیان کرد لە شاندێکی باڵای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان کاك مستەفا هیجزی سکرتێری گشتی حزبی دیموکرات‌و بەڕێز محەمەد نەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و بەڕێز رۆستەم جیهانگیری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی‌و بەڕێزان ئەسعەد ئەحمەدی‌و تاهیر کەسی ئەندامی رێبەری حزبی ناوبراو کرد، لەم دانیشتنەدا باس لە بارودۆخی سیاسی کوردستان‌و عێراق‌و ناوچەکە کرا. هاوڕێیانی حزبمان نیگەرانی خۆیان بە جیابوونەوەو لێکترازانی حزبی دیموکرات دەربڕی‌و بە پێویستیان زانی کە هەموو لایەك مامەڵەی شارستانیانە لەگەڵ ئەم بارودۆخە بکەن‌و وە هەوڵ دەدرێت کە حزبی شیوعی رۆڵی ئیجابیانە لەم مەسەلەیە بگێڕێت، شایانی باسە هاوڕێ دیلمان ئامێدی ئەندامی مەکتەبی سیاسی‌و هاوڕێیان ئەحمەد شێروانی‌و شەپۆل فەتحی کەریم ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئامادەی ئەو دانیشتنە بوون.



## پێشوازی لە شاندی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کرا

سێ شەممە رێکەوتی ٣٠/ ١ /٢٠٠٧ هاوڕێیان سوبحی مەهدی ئەندامی مەکتەبی سیاسی‌و ئەحمەد شێروانی‌و زیرەك کەمال ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی‌و ئازاد بەختیارو هاوتا ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی حزبی شیوعی کوردستان لە بارەگای حزب لە شاری هەولێر پێشوازییان کرد لە شاندێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، کە پێك هاتبوو لە بەڕێزان ئەلی یەگیت سەرۆکی کۆنگرەو رۆژان هازم‌و تاهیر کەمالی زادەو ئادەم ئۆزون ئەندامانی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی کۆنگرە.

لە کۆبوونەوەیەکی دۆستانەدا هەردوولا لەسەر بنەمایەکی بابەتیانە باسی رەوشی ولاتەکەمان بە گشتی‌و، بارودۆخی سیاسی‌و ئەو ئاراستەو هاوکێشەو دەرهاوێشتانەیان کرد کە لەسەر زەمینی واقیع‌و کایەی سیاسیدا برەویان هەیە.

هەر لەو دانیشتنەشدا هاوڕێیانی حزب خۆشحاڵی خۆیان بۆ سەردانی شاندی کۆنگرە هەم بۆ کوردستان‌و هەم بۆ بارەگای حزب نیشاندا، بەڕێزیشیان لای خۆیان رۆڵی حزبی شیوعی کوردستانیان لە قۆناغی سیاسی دوای راپەڕین بە گشتی‌و واقیعی ئێستادا بەرز نرخاند.